# مەرحە با کاک ئەردەڵان هەورامی

عەلی مەحمود محەمەد

ماوەیەکە دیاردەیەکی بێ مانا بووەتە نەریت لەناو رۆشنبیری کوردیدا , ئەویش پەیدابوونی کۆمەڵێك پۆلیسی زمانە . راستە جوانکاری لە نوسیندا پێویستە , زانینی زمانێکی پاراو بۆ نوسەر پێش مەرجی دەست دانە نوسینە , بەڵام نەك ئەم رەخنانە شێوەی پۆلیسیانە بە خۆوە بگرێت بۆ تێکشکانی بەرامبەر , شەڕی سیاسی و جیاوازی ئایدۆلۆجی داخەکەی بە ووشە دەربڕدرێت , بۆ رەخنەگری سیاسی راستکردنەوەی ووشە ببێتە ئەسڵ , لە بواری بیرو مەعریفە هیچ ئیزافەیەکی نەبێت, تەنها بە هەڵەی ئیملایی و رێزمانی خۆی گیف بکاتەوەو کۆتای بهێنێت . هەروەها ئەوە ئەرکێکی کرانە ئەوەی لە خۆی رانەبینێ نەچێتە ئەو بەرەیەوە .

ئەمەم تەنها لەگەڵ کاك ئەردەلان مامۆستای زمانی کوردی و پسپۆری ووشەسازی و جوانتر کردنی زاراوەسازی کوردی نییە , کە جیاوازی لە نێوان ووتی و دەڵێت ناکات , بەڵکە بۆ هەموو پۆلیسەکانی دیکەی زمانی کوردیمە . ئەوەیان لە بیر نەچێت پۆلیسی ناشرینترین پیشەیە ئەگەر لە بواری زمانیشدا بێت . ئەمە مانای ئەوەیە نییە لەگەڵ رەخنەگرتن لەبواری زماندا نەبم , یان لە خۆم بەشك بمو بە راستکدنەوەی چەند وشەیەك لەرز دام بگرێت , بەڵکە لەگەڵ ئەوانەمە زمان بۆ تێکشکانی بەرامبەر و لێدانی ئایدۆلۆژی بەکار دەهێنن . لەناو رۆشنبیری کوردییدا کەم نووسەر دەناسم کوردییەکی پاراو بزانن , ئەمە جێی لەسەر وەستانە , بەڵام دوور لە تۆڵەی سیاسی و ئایدۆلۆژی پێویستە کاری لەسەر بکرێت , ئامانج جوانکردنی زمانی کوردی بێت , نەك تۆڵەی سیاسی .

لە سەرەتاوە دەست خۆشی دەکەم لە کاك ئەردەڵان بۆ ئەوەی کاتی بە نرخی خۆی بە وەڵامدانەوە نوسینێکی منەوە تەرخان کرد کە تەنها بۆ رابواردن گاڵتە پێکردنی بەرێزی شیاو بوو , نوسینێك لە ئاستێکدایە نەیتوانییوە هەردوو ووشەی ج و گ لە یەکتر جیا بکاتەوە , ئەمە نیشانەی بەخشندەیی و میهرەبانی کەسایەتییەکی وەك بەرێزیانە , ئەو ماندویەتییە بگریتە ئەستۆ , جیڤارامان بۆ بکات بە گیڤارا و رێکەوتیش بکات بە بەرواری .

لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر کۆمەڵێك گەنج باوەڕیان بە داهێنانی زمانی نوێی پرۆلیتاریانە هەبوو , دەیانویست زمانێکی نوێی پرۆلیتارییانە داهێنن , دەترسم کاك ئەردەلانیش ئەم بیرۆکەیە لە مێشکی دابێت , کە شۆڕشەکەی سەرکەوت , زمانی کۆنی بۆرژوازییانە قەدەغە بکات و زمانێکی پرۆلیتارییانەی کوردی مۆدێرنمان بۆ دابهێنێت .

بەرێزم کاکە ئەردەڵان دەزانم ئەگەر رقی گەورەی ترۆتسکیانەت لە جیڤارا نەبوایە , ئاوا سەروگوێلاکی منیشت ناکوتا و خۆت ناهێنایە ئاستی من , ئەو ئەزییەتەشت ناکێشا بە دوای نازناوو شوێنی لە دایك بوون و ئاوارە بوون و بیتاقەی بایەعی و حیزبیمدا بگەڕایتایە , کە ئەوە تەنها کاری موختارەکانە , دەترسم لیستی ناوی پورو نەنکیشمت پەیدا کردبێت .

فرقە گەراییەی ناو بزووتنەوەی مارکسیستی بە نەگبەتترین نەخۆشی دەروونی ئەم بزووتنەوەیە دەزانم , کە چەند دەسبەتاڵێکی ووردە بۆرژوازی بەردەوام گەشەی پێ دەدەن و قولی دەکەنەوە .

شیعەکان ئێستاش رقییان لە هەر 3 خەلیفەکەی راشدین دەبێتەوە , لەبەر ئەوەی ماف عەلییان خوارد , تۆش هەمان رقت لە ماوو جیڤارا هەیە , لەبەر ئەوەی بە سەرکەوتن و ناوبانگەکانییان ترۆتسکییان بزر کرد. جیاوازی ترۆتسکی و جیڤارا ئەوەیە ئەو لە مەکسیك و لە پەنا دەستی سیای ئەمەریکا , ستالینیستەکان تیرۆرییان کرد , تا مەترسی نەهاتە سەری ستالینی بەجێ نەهێشت , قارەمانانە دژ بە بوخارین (لاوە خۆشەویستەکەی ناو حیزب) و زینۆفیف جەنگا . بەڵام جیڤارا وزارەتی توڕدا , بەکردار پراکتیزەی شۆڕشی بەردەوامی کرد , لە ئەرجنتینەوە بۆ کوبا و کۆنگۆو بۆلیڤییا , ئەوە کوردستانەکەی خۆشمان هاتە سەری , نازانم سەرچاوەی ئەمجارەمان رادیۆی دەنگی کوردی ئەمەریکایە , یان بەرنامەکەی کاك جەماڵ بەروارییی رادیۆی بەغدایە .

لەبەر ئەوەی شاکاری کاڵەگ و ئەژنۆ لەسەر من نوسراوە , بۆیە ئەم ڕەخنە زمانەوانییانە کارم لێ ناکات , قەتیش داکۆکی لە کوردییە سەقەتەکەی خۆم ناکەم , ئەگەر کوردییەکەشم لە ئاست ئەوەی تۆدا بووایە , کوردیم بۆ خوناوی 4 ساڵەی کچمیش چاك ناکردەوە .ئەگەر پێت وایە لە 14 لاپەڕەدا ئەوەندە هەڵەیەم کردووە, ئەوا من بە 5 ئەوەندەش مەمنوونم و لە زمانی کوردیدا خۆم بە نەمران مەسعود محەمەد و شکور مستەفا و هەژار موکریانی دەزانی , کە زمانی کوردی تا ماوە قەرزاریانە , بەڵام دەبێت بەڕێزت شووتی بە ئەژنۆ بشکێنیت بۆ سەقەتی زمانەکەت . هیوادارم لە وەڵامەکەمدا زۆر توند نەبم نەك هاوڕێیانی نێونەتەوەیی چوارەم ئیعلانی شەڕی جیهانی پێنجەم لە دژم بکەن , ووڵ فییتز و هەڵۆ بەرزەفڕەکانی پنتاگۆن کۆنە ترۆتسکیستەکان ئاسمانم لێ بگرن , کەنعان مەکیەش عێراق و کاکە سەلاحیش کوردستان .

بەڕێزی ڕەخنە لە من دەگرێت ناوی سەرچاوەم نەنوسیووە , ڕەخنەیەکی دروستەو هیچ پاکانەیەك هەڵناگرێت, بەڵام توخوا بزانین سەرچاوەکان بەڕێزی کامانەن؟؟ , با پێکەوە سەیرێك ئەم پەرەگرافە بکەین , لە نوسینەکەی مامۆستامان کاك ئەردەڵان هەورامی بزانیین چی کردووە بە سەرچاوە بۆمان :-

> هه روه ك چۆن تورکه فاشسته داگیرکه ره درِنده کان به کورد ده ڵێن( تورکی شاخاوی)و که زیاتر بۆ ئه تکردنی کورد ئه وناوه به کاردێت.ناوی هیندی سوریش بۆ ئه تکردنی خه ڵکی ڕه سه نی ئه و کیشوه ره به کارده هێنرێت . هه ر چه نده ئه مرۆ به خه باتێکی زۆری ئه و گه لانه ناوی هیندی سور له ئه مه ریکا به کارناهێنرێت 3 .
>
> 3. ڕادیۆی ده نگی ئه مه ریکا ، به شی کوردی

باوەڕکە مامە ئەردەڵان یەك ترلیۆن سەرچاوەی لەو چەشنەم هەبوایە , پێم شەرم بوو ناوی بنوسم , لە ژیانتا بیستووتە کەسێك ڕادیۆیەك بە بێ مێژوو , بێ خاوەند ووتە بکات بە سەرچاوەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی وەك ئەمەی بەڕێزت , کە هێڵی ڕاست و چەپ بەسەر چین بە ملیارێك و سێسەت ملیۆن و هەموو ئەمەریکای لاتیندا بهێنێت , لە کاتێکدا ڕادیۆو تەلەفزیۆن بۆ بیرمەندێکی وەك گەنابت هەر زۆر شەرمە ببێت بە سەرچاوە .

لە لایەکی دیکەوە بەڕێزم ڕاستە ووشەی دانیشتوانی ڕەسەن بەکارهێنانی مەقبولترە , بەڵام لەگەڵ دەستەواژەی تورکی شاخاوی زەمینەی پەیدا بوونی و هۆکاری بەکارهێنانی و ئامانجی سەرهەڵدانی تەواو جیایە , کاتێك یەکەم کەشتی نەعلەتی گەیشتە ئەمەریکا , بەهۆی شێوەی دەم و چاوی دانیشتوانە ڕەسەنەکەوە وایان زانی گەیشتونەتە هیندستان , بۆیە بە خەڵکەکەیان ووت هیندییە سورەکان . واتە لە نەزانیەوە ووشەکە پەیا بوو , نەك لە هەستێکی شۆفینی وەك دەستەواژەی تورکە شاخاوییەکان .کوشت و بڕەکان نەك 35 ملیۆن بگرە تەنها لە مەکسیك لە 25,2 ملیۆن ژمارەی دانیشتوانی ئەم ووڵاتە لە ساڵی 1518, ژمارەیان دابەزی بۆ 0,75 ملیۆن لە ساڵی 1622, بەڵام دانیشتووانی پیرۆ لە 9 ملیۆنەوە لە ساڵی 1520 دابەزی بۆ 1,3 ملیۆن , خەڵکی کۆلۆمبییاو فەنزویلا و ئیکوادۆریش لە نێوان 50٪-80٪ دانیشتوانییان دابەزی(جورج تەرابیشی -حیات 15-2-1998 ژمارە 12767 ). تەنها بۆ ئەوەی دڵت نەشکێنم جۆرج تەرابیشی مامۆستام بە شایەد هێنایەوە . بۆیە من بە 35 ملیۆنەکەی بیرمەندی گەورە نعوم تشۆمسکی دڵم ئاو ناخواتەوە . خۆ کۆلۆمبس هیندی بابا گەورەی ئامیتاب و شامی کابور نەبوو , تا وەك گورگە بۆرەکان ناوی نەتەوەی خۆی بەسەر دانیشتوانە ڕەسەنەکەی ئەمەریکای لاتیین ( لە سەر وەزنی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی کەرکوك) بسەپێنێت (سەرچاوەی ئەم زانیارییە ڕادیۆی مۆنتکارلۆیە...) .

مامۆستامان درێژە بە نوسینەکەی دەدات و ڕەخنەی نەنوسینی سەرچاوەم لێدەگرێت , دەیەوێت منیش خۆی ئاسا , ناوی (ئەمە ی پۆرە بۆیە بەکاری دەهێنم , چونکە ئێمە خەڵکی دەم زێین پۆر خۆرین نەك مراوی و قاز خۆر ) کۆمەڵێك ڕادیۆو بەرنامەی تەلەفزیۆن و نامەی گوێگرەکانی بۆ ڕیز بکەم و ناوی بنێم سەرچاوە :

> به هه ر حال مام عه لی ووتاره كه ی وه كو هه موو نووسینه كانی تری چه ندین زانیاری له باره ی باری جوگرافی و مێژوویی تێدایه .جاران ره حمی پێده كردین ناوی یه ك دوو سه رچاوه ی بۆ ده نووسین.به لاَم ئه م جاره یان بۆ تامی ده میش ناوی هیچ سه رچاوه یه كی نه داوه . كه تۆ دێیت ڕووبه ری پۆلیڤیامان

**لێرەدا ئەو ڕەخنەیەی بەڕێزی لە جێی خۆیدایە , بەڵام باوەڕ بکەن لەبەر ئەوەی هەندێك لە سەرچاوەكانم وەك نوسینەكەی بەڕێزی ڕادیۆ كوردییەكەی ئەمەریكا ئاسا بوو , بۆیە شەرمم كرد ناوییان بهێنم .**

**مامۆستامان زۆر بە متمانەوە شۆخی بە من دەكات كە هیچ زمانێك نازانم , كەچی سەرچاوەكانی بەڕێزی ڕادیۆی كوردی ئەمەریكاو یەك دوو كتێبی كوردی و عەرەبییە . ئەگەر یەك دەرزەن زمان كەمترم بزانییایە خۆم وا لە پاساریش گیف ناكردەوە . سەرنج بدەن بزانن چی دەڵێت :**

> حكایه تخوان نیت ! هه ر چه نده كه باسی كوشتنی **(گیڤارا** نه ك **جیفارا)** مان بۆ ده كه یت ، ده ڵێیت باسی ڕۆسته می زاڵمان بۆ ده كه یت.اوه ختی خۆی باپیرم زۆر جارحكایه تی ڕۆسته می زاڵی بۆ ده كردم، كه چه ند پیاوێكی ئازاو به توانا بووه . هه ر بۆیه كه نووسینه كه تم بینی یه كسه ر باپیرم كه وته یادم.له كۆتایه كه دا ره حمت پێكردووین یه ك دوو نه خشه ت بۆ داناوین.ئه وه ی یه كه میان عه ره بیه
>
> نه ختێك لێی تێده گه ین هه رچه نده ئه میش سه رچاوه كه ی دیارنییه.به لاَم یه ك دوو نه خشه ت بۆ داناوین ،ئه سڵه ن هه ر نازانم چ زمانێكه ( ئینگلیزیه یان هۆڵه ندی وفه ره نسیه ) كه جه نبتان ئه و هه موو زمانه بێگانانه ده زانن باشتره ئاگاتان له خه ڵكی تر بێت، چونكه زوربه مان وه ك به ڕێزت ئه و زمانانه نازانیین !.

**پاشان بەڕێزی ئەم وشانەم بۆ چاك دەكاتەوە :—**

> ووتاره له یه كه م ووشه یه وه به هه ڵه ی زمانه وانی ده ستپێده كات . مام عه لی ده ڵێت (پۆلیڤیا وڵاتی راونانی سه رۆك) ووڵات به دوو (وو) ده نوسرێت نه ك یه ك. (ڕێكه وت )بۆ كات داده نرێت و جوانتریشه له (به رواری ) .. (زیاتر) نه ك زیاد، چونكه زیاد به ناویش دێت.مێژوو به دوو (وو) ده نوسرێت نه ك یه ك . ووڵاتانی كه وه هه ڵه یه (ووڵاتانی تر ) راسته.له زوه كه وه هه له یه(ده مێكه ) ڕاسته .

**ئەم پەرە گرافەی سەرەوە ئەوەندە هەڵەی تێدایە دەتوانییت شوتی پێ بە ئەژنۆ بشكێنیت , لە هەمووی سەیرو سەمەرەتر ئەم مامۆستایەمان ڕێكەوت بۆ من جوان دەكات و دەیكات بە بەرواری , باش بوو زیاد یشی نەكردە زێباری و ... . ئەوجا دەڵێت:**

> هه رچه نده كه ركوكیه كان (ی) مراوی به كارناهێنن ، هه ر بۆیه ڕقیشیان له گۆشتی قازی ومراوییه،بۆ نموونه له جیاتی بڵێن( باوك**ی** منداڵه كان)ده ڵێن(باوك منداڵه كان )،كه چی مام عه لی به پێچه وانه وه هه موو كات له جیاتی یه ك (ی) دوو (ی) به كارده هێنێت .(هێرشییان،مێژوییان ،ژییانی، ئابورییدا،،،هتد).
>
> كردووه به كوردی هه ر كه س لێی تێناگات.ڕسته یه كی ماركست به هه ڵه یی به كارهێناوه ( هه ژارانی پۆلیڤییاله م 3 هه فته یه دا هێرشییان بۆ ئاسمانه برد ) ده بوایه به م شێوه یه بتنووسیبایه ( هه ژارانی پۆلیڤیا له م 3هه فته یه ی رابوردوودا هێرشیان بۆ ئاسمان بر ) . ماركس پاش كۆمۆنه ی پاریس به م

**تەنها لە خوێنەر پرسیارێك دەكەم , ئایا ووشەی بر لە زمانی كوردییدا بیستوتانە بوونی هەبێت ؟؟ .ئەوجا بە دزم دەردەهێنێت و دەنوسێت :**

> شێوه یه وه سفی كۆمۆنه كان ده كات ( كۆمۆنه یه كان ده ستیان بۆ ئاسمان برد4 ) مام عه لیش هاتووه

له سه‌ره‌تاوه نایشارمه‌وه ئه‌و ته‌عبیره‌م له مارکسه‌وه وه‌رگرتووه , ئه‌وه‌ی بیستوومه مارکس وه‌سفی کۆمۆناره‌کان به‌وه ده‌کات بکه هێرشیان بۆ ئاسمان بردووه , نه‌ك ده‌ستییان بردبێت بۆ ئاسمان , ئاخر ده‌ست بردن بۆ ئاسمان له‌وانه‌یه بۆ سێو لێ كردنه‌وه‌یه‌ك بێت , یان پاڕانه‌وه‌و كڕوزانه‌وه , یاخود كۆلاره هه‌ڵدان , یان كۆتر بازی .... ئه‌و ته‌عبیره هیچ ناوه‌ڕۆكێكی شۆڕشگێڕانه‌ی تێدا نییه . پاشان درێژه به هه‌ڵه چاككردنه‌وه ده‌دات بۆم و ده‌نوسێت :—

تۆزێك ترش و خوێی پێدا كردووه و كردوویه تی به هی خۆی . ده ڵێیت ( له یادشته كانی پۆلیڤیا كه له نێوان ساڵی،،،،،) ، ده بوایه بنووسیت له یاداشته كانی گیفارادا كه له پۆلیڤیا له ساڵانی ،،نووسیویه تی).
چونكه كه س نازانێت مه به ستت له یاداشته كان چییه و كێیه .

به‌ڕێزم به داخه‌وه ئه‌و یاداشتنامه‌یه ناوه ئه‌سڵییه‌كه‌ی سه‌ر مۆر وایه , ئه‌گه‌ریش ده‌ته‌وێت ناوێكی نوێی بۆ به‌كردن بده‌ین ئه‌وه خۆت و خوایه‌كه‌ت . با له‌م گفتوگۆ سه‌خافه‌تانه‌ی دۆزینه‌وه‌ی هه‌ڵه‌ی ئیملایی و ناوچه‌یی ده‌رچینه ده‌رێ , واز له قاز و مراوی بهێنیین , بكه‌وینه پۆڕ گرتن و بچینه ناو سیاسه‌ته‌وه , تا زۆر درێژه‌ی پێ نه‌ده‌ین . به‌ڕێزی ده‌نوسێت :—

گیفاریزم له یه كه مین رۆژی له دایكبوونیه وه هه تاوه كوو ئه مرۆش سه قه تترین باڵی كۆمۆنیستی بووه.
هیچ كات سه رمایه داری به كۆمه ڵێك پاڵه وان كه خۆیان خزاندبێته چیا سه خته كان ناڕوخێت. ئه م

ئه‌رێ كه‌س ووتوییه‌تی سه‌رمایه‌داری به كۆمه‌ڵێك چه‌كدار ده‌ڕوخێت , به‌ڕێزم سه‌رمایه‌داری سسته‌مێكی ئابورییه به چه‌ك قه‌ت ناڕوخێت , به‌ڵكه به هه‌نگاوه‌كانی دوای ڕوخانی ده‌سه‌ڵات هه‌ڵده‌وه‌شێته‌وه , لینین ده‌یان ساڵی داناوه بۆ ریشه‌كێشكردنی دوای به ده‌سته‌وه گرتنی ده‌سه‌ڵات . ئه‌و چه‌كدارانه‌ی ده‌چنه شاخ سه‌رمایه‌داری ناڕوخێنن , به‌ڵكه سسته‌مێكی سیاسی ده‌ڕوخێنن , ئه‌و سسته‌مه پارێزه‌ری سه‌رمایه‌دارییه . ڕوخانی سه‌رمایه‌داری وه‌ك سسته‌م له‌سه‌ر كاغه‌ز جیایه له واقیع , پێمان بڵێ ترۆتسكیسته‌كان فه‌ره‌نسا كه به‌هێزترین ڕێكخستنی ترۆتسكیستین له جیهاندا , به‌رنامه‌یان چییه بۆ هه‌ڵته‌كاندنی سسته‌می سه‌رمایه‌داری ؟؟؟, ده‌ترسم وه‌ڵامه‌كه‌ت ئه‌وانیش بهێنێته قاقای پێكه‌نین .

پاشان به‌ڕێزی سه‌روگوێلاكی ماویزم به‌باشی ده‌كوتێت له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی نه‌یانزانییوه گڵۆپ بكوژێننه‌وه و له به‌شێكی نوسراوه‌كه‌یدا ده‌ڵێت :—

ماویه كان هاتنه شه نگهای له جیاتی گڵۆپه كان بكوژێنه وه ، ده یانشكاندن6 . هه موو ئه وه ی له گه ڵ ماودا بوون كه سیان شاریان نه دیبوو له به ر ئه وه ی بزووتنه وه یه كی كرێكاری نه بوو، بۆیه نه یتوانی خزمه ت به كرێكارانی چینی و جیهانیش بكات ، بگره هه ر سه رئێشه ی بۆ بزوتنه وه ی كرێكاری

جێی خۆیه‌تی كاكی نوسه‌ر كه‌مێك خاترییان بگریت , بڕه‌ك شلی بكات , ئاخر كو ده‌بێت له‌و ملیۆن ملیۆن گه‌ریلایه‌ی له‌گه‌ڵ ماودا بوون , كه‌سێكییان پێشتر پێیان نه‌كه‌وتبێته شاره‌وه , خۆ قه‌ومی یه‌جوج و ماجوج نه‌بوون له‌و دیوو شوراوه ڕێگای ده‌رچوونییان لێ گیرا بێت, ئه‌مه قوڵپی گرییانی ده‌وێت نه‌ك قاقای پێكه‌نین . ئه‌رێ پێتان وایه ئه‌م ڕسته‌یه موفید بێت ؟؟؟ . ( هه‌موو ئه‌وه‌ی له گه‌ڵ ماودا بوون ) .

كێشه‌ی ئه‌م براده‌ره تا سه‌ر ئێسك ڕۆمانسییه چه‌پانه ئه‌وه‌یه , به ئاره‌زووی دڵ دروشم فڕێ ده‌ده‌ن , هه‌موو ڕه‌خنه‌ی كاك ئه‌رده‌ڵان له كۆنه حزبه‌كه‌ی من كه له ژیانم یه‌ك ڕوبع ئابونه‌وه‌م پێی نه‌داوه, ئه‌وه‌بوو به‌شداری له هه‌ڵبژاردن ده‌كات و باوه‌ڕی به دیكتاتۆری پرۆلیتارییا نییه , به‌ڵام به 1000 ده‌ست چه‌پڵه بۆ ترۆتسكیسته‌كان فه‌ره‌نساو جه‌زائیر لێ ده‌دات كه دوو ده‌نگ زیاتر له ناوچه قه‌به‌لییه‌كان جه‌زائیر بهێننه‌وه , به دوو ده‌ستیش قوڕ ده‌پێوون كه كورسیه‌كانی په‌رله‌مانی ئه‌وروپی له فه‌ره‌نسا له‌ده‌سته ده‌ن .

ئه‌و به‌ڕێزانه ڕه‌خنه‌یان له میتۆدی دیكتاتۆرییانه‌ی ئه‌و ده‌سه‌ڵاتانه نییه كه له كوبا و كۆرییاو چین و ... هه‌ن , به‌ڵكه پێوه‌ریان بۆ ڕه‌وایه‌تی هه‌رده‌سه‌ڵاتێك به ته‌نها له به ده‌وڵه‌تی كردنی ئابورییه‌كه‌یدایه , ئه‌گه‌ر به ده‌وڵه‌تیكردن سه‌نگی مه‌حه‌ك بێت بۆ مه‌قبوڵ بوونی سسته‌مێك ئه‌وا بژی بۆ كۆماری لاوسی سۆسیالستی و كۆرییای دیموكراتی .

بەڕێزم دکتاتۆرییەت هەر گووە , ئەگەر کاسترۆ بیسەپێنێت یان هاوڕێ ماو , یاخود ترۆتسکی بەرقەراری بکات  یان ئەنوەر ئەردەڵان .

کاسترۆ کە مامۆستای گیفارا بووە ، هە ر وە ك خۆی لە یاداشتە کانیداباسی کردووە،کاتێك دێتە هاڤا نای پایتە خت ئە و 82 جە نگاوە رە ی کە لە گە ڵیدا بوون،هە موویان لە مە کسیکە وە هاتبوون . هە مووشیان سە ربە چینی ناوە ڕاست بوون . کاسترۆ هیچ کات کۆمۆنیست نە بووە ، لە شوباتی1958 لە گۆڤاری ( کۆرنێت Cornet) دا ووتی ( ئە و لە پیلانیدا نییە کە بە رهە مهێنی بیانی هە ڵوە شێنێتە وە یان خۆماڵی بکات7 ) لە ئایاری هە مان ساڵیشدالە گۆڤاری( دووبوا Dubios )ڕایگە یاندکە(کە لە بزووتنە وە ی 26 ی تە مووزدابە هیچ شێوە یە ك باسی سۆسیالیزم و خۆماڵیکردن ناکات،بە ڵکە بە پێچە وانە وە ئە وان لە پێناوی پتە وکردنی یاساکانی( 1940) دە جە نگێن ، کە لە خزمە تی کۆمپانیا بیانە کان بوو 8 ) کاسترۆ لە 2 ی ئایاری 1959 لە بۆینس ئایرس بە ئە نجومە نی ڕێکخراوی ئابووری  وولاتانی

ئە مە ریکای راگە یاند کە(ئە وان دژی بە رهە مهێنانی تایبە ت نین، بە ڵکە بە پێچە وانە وە  ئە وان دە یانە وێت کە ڵك لە بە رهە م هێنە تایبە تە کان وە رگرن9 ) .

کاسترۆ هیچ کات سۆسیالیزم لە مێشکیدابوونی نە بووە . بە ڵکە ئە وە ترسی ئە مە ریکابوو ئە مانی فرێدایە کۆشی سۆڤێتە وە .حیزبی شیۆعیش( کە بە رێزتان ئە ندامێکی چالاکی  بوون!) بە تە مای دووبارە

باوەڕ ناکەم جیڤارا قەت خولییای نوسین لە کەلەی دابێت , تا ئێستا نوسین ببێتە پێوەر بۆ کێشی سیاسی , ئەو هێمای زۆر بلێی نییە , ئەو هێمای کردار و توڕدانی دەسەڵاتە.

کەس نەی وتووە جیڤارا خاوەند پەرتوکی مەزنە , ئەوانەشی خۆشییان دەوێت ئەو پێناسەیان بۆی نەکردووە , بگرە زۆرییان یاداشتەکانیشیان نەخوێدۆتەوە , خۆم یەکێکم لەوانە , ئەم داکۆکییەم لە جیڤارا ئەوە ناگەیەنێت دژ بەترۆتسکی بم , بەڵکە بە یەکێك لە تێکۆشەرە گەورەکان و عبقەرییەکانی مارکسییزمی دەزانم , بەڵام لە دوای لینین و بلیخانۆف و بوخارین و گرامشی . هەرچەندە شانس بۆ سەرکەوتنی پڕۆژە سیاسییەکەی لەم ڕۆژەدا بە دوور دەزانم .

**لە کۆتاییدا سەرکەوتنی سۆسیالیزم تەنها لە شۆڕشێکی جیهانی دەبینمەوە , کە دوا ئەنجامگیری ترۆتسکییە . ئەمە بەو مانایە نییە پەرتووکی شۆڕشی بەردەوامەکەی ترۆتسکی لە ئاست کاپیتاڵی مارکس دابنێم , داوای لێبوردن دەکەم کە کەپیتاڵم نەنووسیووە ترسام لەگەڵ ووشەی کەپیتاڵ و سمۆڵ بگۆڕێت , چونکە بەڕێزتان نەخۆشی حەساسی ووشەتان هەیە .**

گیڤارا خاوە نی ئایدۆلۆژیایە کی بە هێز،یان تیۆریە کی بە هێز نە بوو وە کو(مارکس وئە نجلس و ترۆتسکی ) .هیچ کتێبێکی وابە هێزی نە نووسیوە کە بگاتە ئاستی(کە پیتاڵی مارکس یان شۆڕشی بە ردە وامی ترۆتسکی)بە ڵکە تە نها کۆمە ڵێك ووتار ی دە ربارە ی جە نگی پارتیزانی نووسیوە .

بە نیازبووم وەڵامێکی جدی و درێژ بە نووسینەکەی کاك ئەردەڵان بدەمەوە , بەڵام کە ئەم شتە عەنتیکە بێسەرچاوەیەی خوارەوەم بینی , بڕیارەکەم گۆڕی بۆ ئەم چەند ووشەیەو لە داهاتووشدا درێژەی نابێت .

ئەرێ کوڕینە بەلاتانەوە سەیر نییە , جیڤارا باسی لە ئەزمونی خۆی لە کوردستان کردبێت ؟؟ . , ئایا ئەگەر ئێوە ئاگادار بن , جیڤارا لە خەتی پان بووە یان شۆڕشگێڕان , حسك بووە یان پاسۆك , شیوعی تەحریفی ناو لیژنەی مەرکەزی بووە یان لاباڵی قیادەی مەرکەزی . نازانم جیفارا پێش هاتنی بەعس لە کوردستان بووە , یان دوای 17-30- تەموزی 1968 . گلەیی لە لایەنگری لە بەعس دیارە لە مردووش دەکرێت . کاك ئەردەڵان دەترسم خراپ خەوتبێتیت دەسا جیڤارا نە ئەزمونی پارتیزانی لە کوردستان هەیەو نە پیازی عەودالانی لە پێشمەرگایەتی خواردووە , 9 مانگ پێش بەعسیش سیای

کۆتایی بە ژییانی هێنا , ئاو بێنە دەست بشۆ . خۆزگەم سەرچاوەی ئەم زانیارییە مێژوییەت ئاشکرا دەکرد , نازانم ڕادیۆی ئەمەریکایە یان بەرنامەی گۆرانی داواکراو .

جاران باسی کێ بکرایا دەیان ووت کوردە , ڕۆبەرت حوسێن و عەدنان قەیسی و مەحمود ملێجی و حوسێن فەهمی و .. هەموو کرانە کورد . زۆری نەماوە جیڤاراش ببێتە خەڵکی چیوەو جەوە جەوە , دە سەیری ئەم پەرە گرافە بکەن .

> هە ر چە ندە خۆی لە یاداشتە کانیدا دە ڵێت کە یە کە مین ئە زموونی پارتیزانی لە کوردستان بووە ،
> بە ڵام ئە و سە قە ت بیرە بزوتنە وە ی رزگاریخوازی گە لی کوردی بە بزووتنە وە یە کی دژە کۆمۆنیستی
> ئیمپریالی داناوە.من دڵنیام کە ئە م برادە رە هیچ کات زانیاری دە ربارە ی کورد وبزوتنە وە کە ی
> نە بووە . ئاخر ئە و گە ر رۆژێك شارە زای بە عس بوایە، بە وانی نە دە گووت سۆسیالیزم و بە ئێمە ش
> بڵێت ئیمپریالیزم. لە بە ر ئە وە ی شارە زایی نە بووە شە کری وا نازداری شکاندووە.لە لایە کی ترە وە
>
> کاسترۆ باشتر نە دە بوو!هە موو پارتە گیڤاریستە کانی ئە مە ریکای لاتین ، ئە مرۆ هە موویان خە ریکی
> تلیاك وکۆکاین فرۆشتنن . ئە وانیش وە کو ماڤیاکان خە ریکی بازرگانی کردنن .ئێمە ی کورد دە زانین
> ئە و میتۆدە سە قە تە ی پارتیزانی چ نە هامە تیە کی بۆمان هێناوە . هە موو کات کورد وە کو مە ڕ
> تە سلیمی گورگە عە رە بی و تورکە کان کردووە و لە ماڵوێرانی و ئە نفال وکیمیاباران و کۆ مە ڵێك
> سە رکردە ی دزو چە تە ی وە کو بە رزانی و تاڵە بانی زیاتر هیچی تری بۆ نە هێناوین.

ئەمە کۆمۆنیزمی هەورامییە یان چەپی نوێ , ڕەخنە لە سیمۆن پۆلیڤار بگرێت لەسەر هەڵوێستەکانی بەرامبەر بە هایتی , هاووکات بە نەتەوەی عەرەب و تورك بڵێت گورگ , ناسیۆنالسزم و ڕاستزمیش لە ئاست ئەم مارکسیستە مۆدێرنەمان شەرمەزار بووە , خۆ جرینۆفسکیش کە جار جارە خۆی دەکاتە ژێر لەقەوە هەر ئەوەندە دەڵێت .

لە لایەکی دیکەوە خۆی وەك بەشێك و خاوەند بە بزوتنەی ڕزگاریخوازی کوردستان دەناسێنێت , ئەمە نەك گۆڕانێکی سەیرە لە ترۆتسکیزم بگرە عەدنان مەکیەو پارێزگارە نوێکانی پنتاگۆنیشی شەرمەندە کردووە .

ترۆتسکیستە تۆبەکارەکانی ئەمەریکا , ئێستا بەشی زۆری پارێزگارە نوێکان ناو پارتی کۆماری ئەمەریکا پێك دەهێنن , خەتی سیاسی ئیدارەی بۆش ئەوان دیاری دەکەن . ئەوانیش چەپەکانی ئەمەریکای لاتین بە بازرگانی کۆکایین و مادە بێهۆشکەرەکان تاوانبار دەکەن , هەر بەم بەهانەیەشەوە سەرکوتیان دەکەن , یارمەتی سەربازی بە دەوڵەتەکانییان دەدەن , هێرشی سەربازی بۆسەر گریناداو یارمەتی دەوڵەت لە کۆلۆمبییاو گواتیمالاو پیرۆو سلفادۆر ..دەدەن , بۆیە کاك ئەردەڵانیش بە بیر و ئەقڵی ئەوان بیردەکاتەوە , لەبەر ئەوەی لە یەك کانی ئاو دەخۆنەوە .

هایتی هەژارترین وولاتە لە بندەست ئەمەریکاوەیە , وولێ فیتز ناچێت چارەسەری هەژاریەکەی بکات , سەری خۆی بۆ ئەفریقا هەڵەگرێت , دەزانێت لە ئەمەریکای لاتین کە باسی سندوقی دراوی جیهانی دەکرێت لە ژێر کاریگەریی بیری جیڤارا هێڵنجییان بۆی دێتەوە , بۆیە بە تلیاك فرۆش تاوانباریان دەکات . بۆ ئاگاداری کاك ئەردەڵان فارك بەوە تاوانبار دەکەن لە کۆلۆمبیا کە جیڤارایی نین , بەڵکە ئالن بەشێکن لەو بزووتنەوەیە , بەڕێزیشی دەتوانێت ناوی لایەنە جیڤارایە قاچاخچییەکانی تلیاك و بە ئاماری داهاتەکانییانەوە بڵاو بکاتەوە , ئەو زانیارییانەی بۆ کەی هەڵگرتووە , ئەگەر دەستی پێیان دەگات ؟؟ , بەڵام ئەمجارە ئاگادار بێت سەرچاوەی زانیارییەکەی ڕادیۆی ئەمەریکا و گۆرانی داواکراو نەبێت .

لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ئەمەریکا کەڵکی لەو ڕۆشنبیرانە وەردەگرت کە لە ناو ترۆتسکیستەکانەوە هاتبوون , بە تایبەت ترۆتسکیستەکانی نیورۆك , بیرمەندێکی وەك سیدنی هۆك زۆر بە حەماسەتەوە کارەکانی لە ناو سیا ئەنجام دەدا , دواجار بووە کەسایەتی بەرجەستە لە جەنگی سارد , لە ساڵی 1938 پارتی کرێکارانی ئەمەریکی دامەزراند , لە ساڵی 1985 لە لایەن ڕیگانەوە خەڵاتکرا .جیمس ستیورات و دونیس بۆل و شاختمان و شفارتز ئەم کاکە وولفیتزەی ئێستامان هەموو سەر بەو قوتابخانە فکرییەن , وۆلێ فیتز لە جیاتی شۆڕشی بەردەوام, ئێستا دیموکراسییەت و ماکدۆناڵد بە جەنگ بەسەر جیهاندا دەسەپێنێت . ئەمڕۆ ئەوان هەڵۆکانی پنتاگۆن و تیئۆریزەسێنان و داڕێژەرانی پارێزگارە نوێکانن , خۆزگەم بە کۆنەکان .

ئەمەریکاییەکان دەیانەویست ئایدۆلۆژییای بەرامبەر بۆ کۆمۆنستی سۆڤییەتی دروست بکەن , بۆ ئەم مەبەستە ترۆتسکیستە تۆبەکارەکان نیورۆك زۆرترین خزمەتییان پێشکەش کرد . بۆیە دەلێم کاك ئەردەلان ئەو کۆمۆنیستەی تۆ دەتەوێت باسی بکەیت , نەك قەت لە ئەمەریکا لە لوتکەی سەردەمی مەکارتیشا یاساغ نەبووە , بگرە شوێنی شیاوی خۆیان هەبووە , ئەوە ئەوان بوون کون بە کون بە دوای جیڤارادا گەڕان تا لە پۆلیڤییا لەبۆسەیان ناو بەدیلی شەهیدییان کرد , لەم بارەیەوە بەڕێزی درێژە بە هێرشەکانی بۆ سەر جیڤارا دەدات و دەنوسێت .

هە ربۆیە هە موو کات بزوتنە وە کانیان بێ بە رنامە و سە قە ت بوون .دە بێت بپرسین ، بۆچی ئە مرۆ لە ئە مە ریکاناوی کۆمۆنیست یاساغە،بە لاّم وێنە و یاداشتە کانی گیڤارا یاساغ نین.ئە وان خۆیان کۆمە کی بلاّوبوونە وە ی ئە و بزاڤانە دە کە ن چونکە دە زانن بزاڤێکی سە قە تە .

ئەمڕۆ جیڤارا لە جیهان بە گشتی و ئەمەریکای لاتین هێمایە بۆ تێکۆشان , نە مارکس و نە ئەنگلز و نە لینین و هیچ سەرکردەیەکی دیکەی بزاوتی مارکسیستی وەك وێنە ڕۆمانسییەکان ئەو نەیانتوانی دلّی جەماوەر ببەنەوە و ببنە هێمای جیهانی دژ بە چەوسانەوەو یاخی بوون و یەکسانیخوازی , ئەوەی جیڤارای لە جیهان و ئارام و فوئاد و فەهدی لە عێراق کرد بە خۆشەویست , ووشەکانییان نەبوو , بگرە تێکۆشان و قوربانییەکانییان بوو , ئەوەشی هەیبەتی لە سۆڤییەت دا بە ترۆتسکی پەرتوکەکەی نەبوو , بەلّکە ڕابەرایەتییەکەی بوو .

لە کۆتاییدا دەمەوێت بلێم چەپ پێویستی بە 3 ئاشت بوونەوە هەیە ئەوانەش بریتین لە :_

—ئاشت بونەوە لەگەلّ یەکتر , دەکرێت بیرکردنەوەی جیا جیا لە ناو بزاڤی مارکسیستیدا هەبێت , بێ دژایەتیکردنی یەکتر .

—ئاشت بوونەوە لەگەلّ ئازادی و دیموکراسییەت .

—ئاشت بوونەوە لەگەلّ مێژوو , لەوەی کۆیلەی ڕابردوو نەبین ,سەیری داهاتوو بکەین .

لە کۆتاییدا هیوادارم زۆر بەڕێزو خۆشەویست کاك ئەردەلان لێم زویر نەبێت و خەریکم نەکات بەم شەڕە لابەلایە , یاخود دوور لە گالّتە پێکردن گفتوگۆکردن بەردەوام بێت .

## وتارەکەی مامۆستا ئەردەلان هەورامی

http://www.dengekan.com/doc/2005/6/ardalan18.pdf